# نامەی خەلیل غەزەلی بۆ ئیبراهیمی عەلیزادە

بەرێز کاک ئیبراهیمی عەلیزادە سکرتێری یەکەمی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران

لە گەل رێز و حورمەت
لە ڕاگەیەنەرەکاندا، ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی ئێوەم لە سەر بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی لە شارکانی کوردستان(رۆژهەلات) چاو پێکەوت . لەو بانگەوازەدا داوا لە کۆمەلانی خەڵک کراوە کە رۆژی یەکشەمەی داهاتوو مانگرتنێکی سەرانسەری بەڕێوە ببەن .
سەرەڕای موسبەت هەڵسەنگاندنی هەنگاوی ئەوتۆ ، سەرنجی بەرێزتان بۆ ئەم خالانە ڕادەکێشێم .
1- ئەوحەرەکەتەی کە لە کوردستان وەڕی کەوتووە، حەرەکەتێکی مەدەنی و خۆجۆش بووە . واتا لە سەر بانگەوازی هیچ هێزێکی سیاسی دەستی پێنەکردووە . هەرچەند حکوومەت دەیهەوێ بە حەرکەتی نابەجێ و نەزانانەی لایەنێکیەوە گرێی بدات، تا بیکاتە بیانووی سەرکوتی خۆێناوی.
2- کارێکی ئەوتۆ ( بانگەواز بۆ مانگرتنی گشتی)دەبوا هەر پاش راپەرینی چەندین رۆژەی خەڵکی مەهاباد ئەنجام بدرابای .
3- لە هەلومەرجی ئێستادا هەنگاوی ئەوتۆ گەر بە هاوئاهەنگیی هەموو هێزە سیاسییەکان نەبێ، هەم پشتیوانیی تێکڕای جەماوەری لە پشت نابێ و هەم چەشنێک بشێوە و سەرگەردانی دەخاتە نێو ریزی کۆمەلانی خەڵک و لە ئەنجامدا ئەو مەبەستەی ئێوە ( پێشبردن و رێکخستنی خەبات و داخوازی کۆمەلانی خەڵک) جێبەجی نابێ. خۆتان باش دەزانن کە ئەگەر هەر رۆژەو رێکخراوێک بانگەوازێکی وا بڵاوبکاتەوە ،چ پاشهاتێکی مەنفیی بەدواوە دەبێت.
وەک هاونیشتمانییەک داواتان لێ دەکەم،وێڕای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بانگەوازە، لە گەڵ هەموو هێزە سیاسییەکانی کوردستان( بە بێ جیاوازی ) هەوڵبدەن بە پێکهێنانی کومیتەیەکی هاوبەش (کاتی یا هەمیشەیی) پێکەوە ئەم هەنگاوانە هەڵگرن. ئەمە سەرەکی ترین داخواز و نیازی ئیمرۆی گەل و بزووتنەوەکەمانە.
هیوام سەرکەوتنتانە

خەلیل غەزەڵی ، نووسەر و چالاکی سیاسی
13 ی گەلاوێژی 1384 ( 4 ی ئووتی 2005 )

وێنە بۆ ڕای گشتی